The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

# كورتەيەک لە چالاكيەكانى يەک سالەى چاک ئەلمانيا

هەر لەدواى بەستنى كۆنگرەى چاک لە المانيا لەشارى كۆلن لە 3 و4 مانگى 6 سالْى 2006. چاک لە رووى چەندايەتى وە چۆنايەتى چووە پێشەوە كارى زۆر باشى كرد وە هەنگاوى باشى نا وە دەسكەوت و وە دەرئەنجامى چاكى لێكەوتوە وە يەكێک لەو داسكەوتانە دامەزراندنى كۆميتەى المانيا بو ، كە لە 25.6.2006 كۆميتەى المانيا/چاک هاتە دامەزراندن كە دەستەى دامەزرێنەر لە 9 ئاندام پێک هات .هەر دواى دامەزراندنى كۆميتە دەستەى دامەزرێنەر كەوتە چالاكى لەپێناوى بەناساندنى كۆمەڵ كوژى خەڵكى كوردستان .لەوكارانەى كە تاوەكو ئێستا كراون،

1٭لە پێناوى بەسەرخستنى  خۆپەشاندانى 21،8.2006 لەبەردەم باڵوێزى عێراق پەيوەنديمان كرد بەچەندەها رێكخراو وە پارتى سياسى وە كاسيەتى سياسى كوردەوە  ،لەگەڵ ئەو كێشانەى بۆمان درووست بو وە لەگەڵ ئەوەى يەكەم تەجروبەمان بوو بەلام توانيمان بەسەركەووتوى بە جێى بهێنين وە لەزۆر داموودەزگاى راگەياندن لەوانە ماڵپەرەكان ،رادێوكان وە تەلەفيزۆنى رۆژ تڤى بلاو بووەوە.

2٭لە 23.9 پەيوەنديمان كرد بە بە پرۆفسۆر {فراى لنگەوە}  وە ئامادەى خۆى دەربرى كە وەكۆ شاهيدێک ئامادە بيت لە دۆسيەى هەڵەبجە.كە ئەم هەواڵە بووە سەردێرى يەكەمى هەواڵەكان .

3٭لە12.10 يەكەم راپۆرتى دارايمان بلاو كردەوە ،كە داهاتو وە خەرجيەكانمان بەشێوەيەكى ئاشكرا بلاووكردەوە.

4٭لە 17.10 وەفدێكى كۆميتەكەمان وەكو پيرۆز بايى وە دەست خۆشى لە بەشى كوردى لەپێشنگاى كتێب لە فرانكفۆرت بەشداربوو.

5٭لە 29.10 بەهاوبەشى رێكخراوى ژنان لە تاراوگە بۆ بەدوادا چوونى سەرو شێنى 18 پاكيزەكە نامەيكمان نارد بۆ باڵوێزى مسر لە بەرلين.

6٭لە 30.10 وەفدێكى چاک سەردانى پەرلەمانى ئەڵمانياى لە بەرلين كرد وە لە گەڵ 2 پەرلەمانتار دانشتنيان كرد وە ئەو پەرلمانتارانە بەرپرسێتى ئەوەيان گرتە ئەستۆ دۆسيەى  ئەنفال وە هەڵبجە ببەنە ناو پەرلەمانەوە.

7٭لە 9.11 نوێنەرى چاک  بەشدارى كرد لە يادى هۆڵۆكۆست   .كە توانيان كۆمەڵ كوژى خەڵكى كوردستان لەبەردم كۆماڵ گاى يەهودى وە چاندەها دكتۆر وە رۆژنامەى المانى باس بكەن.كە ئەمە يەكەم جارە كورد هاوخەمى خۆى بۆ جولەكە دربرێ وەكو هاو دەردو هاوئازار.

8٭ 19 يارمەتيمان لە كۆمپانياى شاهۆوە بۆ هات.بە سوپاسەوە وەكو  پيزانينى ئێشكانمان.

9٭لە 10.12 توانيمان خۆپێشاندان ساز دەين لە بەردەم هاتنى سەرۆكى مسر بۆ بەرلين ،بۆ ئاشكرا كردنى چارەنوسى 18 پاكيزەكە.كە ئەمە يەكەم جارە كورد خۆپێشاندان ساز دەدا لە بەردم سەرۆک دەوڵەتێک.

10٭لە 16.12 نوێنەرى چاک پەيامى خۆى خێندەوە لە رۆژى پشتگيرى فەيليەكان.

11٭ چاک بەشدارى لەخۆپێشاندانى كرد لەبەردەم بالوێزى سوريا بۆ پشتگيرى لە زيندانە سيسەكانى رۆژ ئاوەى كوردستان.

12٭پرۆفسۆر فراى لنگە لەگەڵ وەفدێكى چاک سەردانى كوردستانى كرد ،كە سەردانى هەڵبجە وە پەرلەمان وە سەرۆكى كوردستانى كرد،

13٭ دانانى ماڵپەريک تايبەت بە كۆميتەكەمانوە.وە ئيمل گروپ وە داناى ئيميل گرووپێكى تايبەت بە هاوكارنمان وە دۆستەكانى چاک

14.لە 19.1 شاندێكى چاک.المانيا لە گەڵ پرۆفسۆر فرايلنگە ساردانى كوردستانيان كرد .وەكو شاهد لەدۆسيەى هلبجە

15.لە 10.3 بەشداریمان کرد لە گەڵ هەندێک ڕێکخراوی کوردی لە شاری کوڵن لە خۆپیێشاندانێکدا لە یادی کارەساتی ئەنفال وە هەڵەبجەدا.

16.لە یادی هەلبجەو ئەنفالدا چاندها چالاکیمان بە ئەنجام گەیاند لە وانە لە 3.3 سمنارێک بۆ بەرێزان کازم هبیب وە د،زوهدی داودی.بەسترا کە بەزمانی ئارەبی وە کوردی باسیان لە کۆمەلکوژی خەلکی کوردستانیان کرد کە لەگەڵ کۆمکۆژی جووەکان جیاوازی نیە.لە19.4 لەبەرلین سیمنارێکی بەرفراوان بۆ کەسایەتی ناوداری کورد مامۆستا جەمال نەبەز وە خاتو تامان شاکر سازدرا.

17.هەر لە یادی کارەساتی ئەنفال وە هەلبجەدا لە شاری کولن سیمنارێکمان گێرا بۆ بەرێز ( مەریوان ووریا قانع)

18.لە 25،5 توانیمان لە شاری کۆلن پەرتووکی ئەنفال کە چاک بە زمانی ئنگلیزی نوسرابوو بیگەیەنینە چاپ زیاتر لە200 دانەی لێ دەرکرا وە بە خۆرای دابەش کرا بەسەر کۆمیتەکان وەکەسایەتکانی کورد وە بێگانە کە گرنگی بەم بوارە دەدەن.

.

لە بەرنامەی کۆمیتەکەمان بۆ داهاتوو هەوڵی ئەوە دەدەین کە بتوانین پەیوەندی پتەوتر وە قووڵتر لەگەڵ پارتە سیاسیەکان و ڕێخراوە مەدەنیەکانی کوردستانی وە بیانی ببەستین .لە پێناوی ئەوەی کە کۆمەڵ کوژی خەڵکی کوردستان بە دۆکۆمەنتی زۆرەوە ببەینە ناو پەرلەمانی ئەڵمانیاوە .وە لەهەوڵی ئەوەداین کە پیوەندی لەگەڵ ئەو مللەتانەی کە وەکو کوردجینۆساید کراون ببەستین.بۆ ئەوەی لە داهاتو بەریەک دروست کەین کە بتوانین لە یادەکان وە خۆپیێشاندانەکان بەخەڵکیکی زۆرەوە وە بە هێزێکی زیاترەوە ئازارەکانمان بۆ خەڵکی ئەڵمانیا پێشان بدەین.

لە کۆتاییدا داوە لە هەمو کوردەکانی ئەڵمانیا دەکەین کە هاوکاریمان بکەن لەپێناوی سارێژ کردنی ئازارەکانی انفال وە هەلبجە وە بۆ ناساندنی دۆزی رەوای گەلەکەمان ..

**چاک ئەڵمانیا**

12.08.2007